سەید حەکیم چاوی بەسەرکردە لاوەکان دەکەوێت و پشتینەی سەقامگیری و گەشەپەدان باشکردنی دەخی لاوان لە قەناغی داهاتوو دووپات دەکاتەوە



لەچوارچێوەی چالاکییەکانی دیوانی بەغدا، بەڕێز سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانیتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی شاوی 17ی کانوونی دووەمی 2017 پشوازی لە کۆمەڵێك لە سەرکردەکان و بەرپرسانی لاوکان کرد، سەرەتا سەماحەتی پیرزبایی هاتنی یادی ئیسراو میعراجی پێغەمبەری مەزنی کرد و گوتیشی کەبوونەوەی ئەم بابەتانە لەیەك رۆژدا وەرای جیاوازی مێژووکانیان، مانای قووڵی هەیە لەسەر پرۆژەی پێامبەران و ئیسرا فراوانی پرۆژەکەی دەرخست و میعراجیش گەرانەوەی بێ لای خودای گەورە بەرجەستە کرد.

سەماحەتی جەختی لەسەر گرنگی بیرکردنەوە لەو قەناغانە کردەوە کە عێراق لە ساڵی 2003 ەوە پێیدا تێپەڕیوە، لەوانەش ئەو ماوە سەختانەی کە ململانێی تایفەگەری و تووندڕەوی و تیرۆری بەخۆوە بینیوە و زیانی بێ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی گەیاندووە، ڕوونیشیکردەوە کە عێراق ئەمڕۆ دەخێکی ئەمنی و کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی سیاسی بەخۆوە دەبینێت کە ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەیە کە دوای ناهەمواریەکی سەخت بەدەستهاتووە.

سەید حەکیم ئاماژەی بە گرنگی پاراستنی هاوسەنگی کرد و ڕوونیکردەوە کە جیاوازی بیروبۆچوون و ئاراستەکان لە سیاسەت و شوێنەکانی تردا سروشتییە و هیچ دەخێکی نموونەیی لە هیچ بوارێکی ژیاندا نییە، گوتیشی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە 10 هەزی سیاسی سەرکییان بەرهەمهێناوە کە یارمەتیدەرە بۆ ئاسانکردنی لێکتێگەیشتن و بەرەوپێشچوونی بیاردان.

سەید حەکیم ڕوونیکردەوە کە لە چوارچێوەی هەماهەنگیدا گفتوگۆ هەیە بۆ ئامانجی کەمکردنەوەی ڕۆژی هەڵبژاردن و زیادکردنی ڕۆژی سەرکەوتن و جەختی لەوەش کردەوە کە پابەند دەبێت بە وادەی دەستووری و پلانی هەڵبژاردنی سەرکی کەمار لە ماوەی دەستووریدا و دواتریش دانانی سەرکی وەزیران لە ڕێگەی هەڵبژاردنی سەرکایەتیدا دەکرێت.

..

سەماحەتی جەختی لەوە کردەوە کە پشتینەی قەناغی داهاتوودا خزمەتگوزاری و گەشەپەدان، سەرەڕای کەمی دارایی و تێئکیدیشیکردەوە لەسەر پێویستی گەڕینی عێراق بۆ ژینگەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ وەبەرهێنان و هاندانی ئابووری و گەشان بەدوای شوێنگرەوەی ڕاستەقینە و پشتنەبەستن بەیەک سەرچاوە و هاوبەشی ئابووری ڕوون و هەمەجۆر و هاوسەنگ بەپێی بەرژەوەندییە باڵاکانی عێراق و بانگەوازی بۆ چالاککردنی کەرتی بەرهەمهێنان و تێپەڕاندنی مەدلی دەوڵەتی تاکە داهات و هەشداری دا لە دابەزینی نرخی نەوت.

..

سەماحەتی جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە عێراق گرنگی بەبەرژەوەندییە باڵاکانی بدات و لەقەناغی داهاتوو ئەو دروشمانە تێبپەڕێنێت کە زیانێکی گەورەی پێگەیاندووە، ئاوڕیش لەکاتێکدایە کە وڵاتانی ناوچەکە گەشەسەندنیان بەخێرایی بینیوە، تێئکیدیشیکردەوە کەدیالێگ هەیە بۆ سنووردارکردنی چەک بۆ دەستی حکومەتی عێراق کە لە بنەڕەتدا داواکارییەکی عێراقییە و جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە ئەم کێشەیە بۆ شکۆ و شەرەفەوە چارەسەر بکرێت، هەروەها ڕێزی لایەنەکانی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و بەدەستهێنانی ئاسایش بەرز بنرخێنرێت، سەرەڕای ئاوڕی داوای هاندانی سیاسی کرد کە یارمەتیدەر بێت بۆ سەرکەوتنی ئەم هێگایە...

بسەید حەکیم ڕوونیکردەوە کە ئاستەنگەکانی ئابووری پێویستی بە گرتنەبەری هۆشوشنی قورس هەیە لە قەناغێ سەرەتاییەکانیاندا، بەتایبەتی چارەسەری بنەڕەتی و ستراتیژی دەگرنەبەر و ئاماژەی بەوەشکرد کە دابەزینی نرخی نەوت لەوانەیە دەرفەتێک بێت بۆ قبووڵکردنی چاکسازی و جەختی لەوەش کردەوە کە

هاوپەیمانی هێزەکانی دەوڵەت چاودێری دەرفەتەکان و دەستکەوتەکانی خێک و بەرژەوەندیی گشتی دەکات لە بەیاردان لەسەر بەشداری کردن لە هەر حکومەتێک یان بەپێچەوانە واتا بەشداری نەکردن.

لەکۆتاییدا سەماحەتی سەید حەکیم ئاماژەی کرد کە سیستەمی دیموکراسی شێوازێکی نموونەیی نییە، بەڵام باشترین بژاردەی بەردەستە، لەبەر ئەوەی دیکتاتۆریەت و یەك لایەنی تەنها قەیرانی بەدواوەیە، دووپاتیشی کردەوە کە ڕەوتی حیکمەت نموونەی سەرکەوتووی لەسەر باشکردنی دەخی لاوان و متمانە کردن بە تواناکانیان پێشکەش کردوە، ئەوەش کاریگەری لەسەر پاپشتی ئیە توژە هەیە، جەختیشی کردەوە لەسەر ئەوەی گرنگە تەکنەلۆژیا لە باشکردنی حزمەتگوزاری ەکانی باش بگرێت.